### کەمال شێخ ڕەئوف هەنجیرە:

# کیمیابارانی و ئەنفالْ وایکرد، شانۆیی «شاڵاوی تاوانەوە» بنووسم

**کەمال هەنجیرە یەکێکە لە پیشەنگەکانی هونەری شانۆ لە شاری سلێمانی و دامەزرێنەرانی «تیپی شانۆی سالار»ە و هەر خۆیشی پێشنیاری ئەو ناوەی کردووە و دواتر پەسەند کراوە. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گوڵان باس لە چەند لایەنێکی کاری هونەری لە ساڵانی ڕابردوو دەکات و ئەو ئاستەنگانەی دەخاتەڕوو کە ڕووبەڕووی هونەرمەندان و شانۆکاران بوونەتەوە.**

دیمانە/ خەلیل بلەیی



*** تیپی شانۆی سالار چۆن دروست بوو؟**

- مێژووی شانۆی کوردی لەم دەڤەرەی ئێمە هێندە دوور نییە کە نەتوانین قسەی لەسەر بکەین. لە سییەکانی سەدەی رابردووەوە بادیرەی شانۆ درکەوتووە، بەتایبەت لە قوتابخانەکانەوە، واتە لە شانۆی قوتابخانەوە نشونمای کردووە و هێدی هێدی خۆی لە ناوەندە پیشەییەکانەوە گلاندووە، بەڵام سەرەتای بەئەکادیمیکردنی شانۆ دەگەڕیتەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو، ئەویش پاش گەڕانەوەی دەستەیەك لە دەرچووانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداو دواتر لە کۆلیجی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداشی هاتەپاڵ. کاریگەریی ئەم مامۆستاو هونەرمەندە ئەکادیمییانە رەوڕەوەی کارو چالاکیی هونەری شانۆی بە ئاقارێکی زۆر جیاوازتردا برد. تاکو شانۆی کوردییان گەیاندە ئەو ئاستەی لە پێشبڕکێیەکانی شانۆی عێراقیدا تا بە دەستهێنانی پلەی یەکەم گەیشت. بۆیە دەبێ ئێمە خۆمان بە قەرزارباری ئەو هەموو مامۆستاو داهێنەرە بەرزانەی ئەو ساڵانە بزانین.

*** لە کاتی دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان گرنگترین ئەو ئاستەنگانەی رووبەڕووتان بوونەوە، چی بوون؟**

- ئەو دەمەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی دامەزرا، من قوتابی زانکۆ بووم لە ئەکادیمیای بەغدا، بەڵام کەم تا زۆر دەتوانم ئاماژە بەو گرفت و ئاستەنگانە بدەم کە لە بەردەم دامەزراندنی پەیمانگادا هەبوو، گرنگترینیشان نەبوونی بینای گونجاو بۆ پەیمانگا بوو، هەروەها نەبوونی هۆڵی جۆراوجۆر بۆ خوێندن و پرۆڤە و پێشکەشکردنی بەرهەمەکانیان، پێویستییەکانی دیکەی هۆڵی شانۆ هیچی دەستەبەر نەکرابوون. پاشان نەبوونی مامۆستای تەواو بۆ هەموو بەشەکان، بەتایبەت بەشی شانۆ بە شێوەی پسپۆڕی پێویست. دواتر ئاستەنگی لەلایەن دەسەڵاتی حزبیی ئەو دەمەوە بۆ دروست دەکرا، بە راستی هەموو لایەکیان تەنگەتاو کردبوو، چەندین جار قوتابیانیان بەرەو زیندان راپێچ کرد. بۆ خۆیشم یەکێك بووم لەوانە کە لە ساڵی ١٩٨٦ بە بڕیاری دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری گۆڕبەگۆڕ بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەیان بۆ دەرکردم، دواتر رووم کردە نێو بەرەی شۆڕش. هەروەها بابەتی سانسۆر گرفتێکی زۆری لەبەر هەوڵ و کارەکانمان دەخوڵقاند.

*** لە ساڵانی شەست تا هەشتاکانی سەدەی رابردوو شۆڕش بۆ هونەرمەند زۆر گرنگ بوو، خۆت لەو ساڵانەدا چیت بۆ شۆڕش کردووە؟**

- ماڵی من پڕ بوو لە بەیان و مەنشوراتی بەرەی شۆڕش و لەلای منەوە بەدەست هونەرمەندان و ئەوانی دیکە دەگەیشت، تەنانەت لە زۆر کاتدا بە کاری نهێنی سیاسی زۆرینەیانم دەزانی و هەمیشە بۆ ئاگاداری لەخۆکردن و چاوساغی دەستم پێوەیان بوو. تەنانەت هەیانبووە پاش ئەوەی لەلایەن دوژمنەوە بە کارە نهێنییە سیاسەکانیان زانیون، من لەلای خۆم داڵدەم داون، تا رێگاچارەیەکیان بۆ دەدۆزراوەتەوە. لەبەرەی شۆڕش و لە نێوان سکرتاریەتی قوتابیان و لاوانی کوردستان دەستەیەك هونەرمەندم کۆکردبووەوە، زۆرینەیان بۆ یەکەم جار بوو بچنە سەر تەختەی شانۆو بگرە هەبوو بۆ یەکەم جاریش بوو شانۆ ببیستێت، بەڵام من بەتوانای ئەکادیمیەتی خۆم توانیم گرووپیکی باشیان لێ بەبەرهەم بهێنم.دەبێ بۆ مێژوو بوترێت کەوا شۆڕشی گوڵان هونەرمەندی ئەکادیمی وەك منیشی لەخۆ گرتبوو، واتە بیرکردنەوەی ئاسۆی رۆشنبیری و هونەری سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە بوونی کەسانی ئەکادیمی وەك منی زۆر پێ زەروور بوو.

*** ئێوە بەوە ناسراون کە پەیوەندییەکی زۆر باشتان لەگەڵ قوتابییان هەبووە، هۆکاری ئەم پەیوەندییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەم پرسیارەم زۆر بەدڵە. ئەو پەیوەندیە بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە، بەر لە هەموویان نزیکی تەمەنم لە زۆرینەیان، پاشان وەك خانەوادەیی کەسوکاری زۆربەیانم دەناسی، واتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەش کاریگەری خۆی هەبوو، پاشان من کە دەست بەکار بووم وەك مامۆستایەکیان، هەندێك شێوازو ئەزموونی نوێم پێ بوو، بە راستی قوتابییەکان بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی وەرگرتن و تێگەیشتنیان لەو ئەزموون و شێوازە نوێیانە دەکرد. لەوانە شانۆی بازنەیی، شانۆی دڵڕەق و بانتۆمایم و...هتد. دوای ئەوە هەموو وانەکانم بە شێوەی پراکتیکی لە ناو پەیمانگاو دەرەوەی پەیمانگا جێبەجێ دەکرد، بۆ نموونە (راستگۆیی)، هەروەها لە زۆر کاتدا لەماڵی خۆمدا تێکستەکانمان دەنووسییەوەو تاوتوێی پێویستی عەمەلیشمان وەك موناقەشە و پرۆڤە دەکرد. تەنانەت هاوکاری ماددیش لە نێوان زۆربەماندا هەبوو. ئەوکات دەخلی قوتابییەکان زۆر کەم بوو، بەشی پێویستیی رۆژانەیانی نەدەکرد. سەرباری هەموو ئەوانە گیانی لێبوردەیی و گوێڕایەڵی بۆ داواو پێویستییە هونەریەکانمان تەواو لێکی نزیك خستبووینەوە.

***(دوژمنی گەل) یەکێکە لە شاکارە سەرکەوتووەکانت، چی وای کرد ئەم سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت؟**

- دوژمنی گەل کەوتبووە نێوان من و نووسەرەکەی (هەنریك ئەپسن)ی نەرویجی و بەرهەمێکی ساڵانەی هونەریی پەیمانگا...ئەم شانۆییە لە چەندین رووەوە کاریگەری خۆی لەسەر هەبوو، لە رووی واقعیەتی نووسینەکەو شێوازی دارشتنی تێکستیکی وا جیهانی و مێژوویی، پاشان بەراوردکردنی ناوەڕۆکی بابەتی

شانۆییەکە لەگەڵ واقعی ژیانی کوردستانەکەم بە گەل و نیشتمانەکەیەوە. تێکڕای خەڵکی بە بڕیارە چەوتەکانی دەسەڵات گێل کرابوون. کار لەسەر چەواشەکردنی گشت دەکرا. دەسەڵاتدارو خاوەن پێگە ئابوورییەکان وەك وردە بۆرژواکانی سێبەری دەسەڵات لەلایەن دەسەڵات و بڕیارەکایانەوە پاریزراو بوون. لە ڕێی کارگەکانیانەوە ژینگەو سرووشت و کێڵگە و سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە گشتی پیس و نا تەندروست کرابوون. دکتۆر ستۆکمان کە دکتۆریکی پسپۆڕە لەسەر داکۆکیکردن لە ڕاگرتنی سەرچاوە ئاوییەکان، بە دەسەڵاتی زانستەکەیەوە بەرانبەر هەموو ئەو دەسەڵاتە نابووتانە بووەوەو، دەیویست ڕێ لەو کارە قێزەون و دوژمنکارییانەیان بگرێت کە بەرانبەر بە گەل دەکرا، بەڵام ناپوختەیی دەسەڵات و پشتگیریکردنی سەرمایەدارانی خاوەن کارگەکان کاری گەیاندە ئەو ئاستەی هەموو گەلیان دژ بە دکتۆر وەستانەوە. ئەم واقعە تاڵە هیچی لەو زۆر و زوڵمە کەمتر نەبوو کە ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە گەل و نیشتمانی ئێمە کردوویەتی. بەڵێ دوژمنی گەل بوو بەو ناونیشانەی لە ڕێیەوە توانیمان نارەزایەتی خۆمان بەرانبەر بە داگیرکران و زۆرداران نیشان بدەین. ئەم شانۆییە زۆری دەوێت لەسەری بدوێین.

*** یەکەم جار قوتابی و مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانت لە کارێکدا کۆکردەوە، چۆن بوو بیرتان لەو هەنگاوە کردەوە؟**

- ئەو تاقیکردنەوەیەی لە شانۆیی دوژمنی گەلدا جێبەجێمان کرد، کەوا مامۆستاو قوتابی پێکەوە کاری تیادا بکەین، ئەزمونیکی زۆر سەرکەوتووانەی خۆم و مامۆستای گەورەم مامۆستا ئەحمەد سالار بوو، هەرچەند لە سەرەتادا وەك ئیدارەی پەیمانگا هەندێك نارەزایی و گرفتیان بۆ دروست کردین، بەڵام یەك خانەوادەیی و دڵسۆزی هەموو لایەکمان بە مامۆستاو قوتابییەکانەوە زۆر سەرکەوتووانە جێبەجێمان کرد. ئەو خاڵە بووە جێی مشتومڕی نێوان هونەرمەندان و ناوەندی راگەیاندنی ئەو سەردەمەش، ئەم ئەزموونە وای لە خانەوادەی تیپی سالار کرد، هەموو شوناسی هونەریمان یەك بێت و توانیمان ئەو جیاوازییەی نێوان مامۆستاو قوتابی بۆ گیانی یەکبوویی و سەرکەوتنی کارەکانمان بەتایبەت لە تیپی سالاردا زۆر سەرکەوتووانە بە ئەنجامی بگەیەنین. لەو کارانە زەمەنێکی داهێنانمان بۆ خۆمان و مێژووی هونەری شانۆی کوردیش بەرپا کرد.

*** ئەوانەی لەگەڵ ئێوە مامۆستا بوون، هونەرمەندی گەورە و ناسراون، ئەی ئەوانەی قوتابیتان بوون، ئێستا هیچیان بوونەتە ناوی**













ناسراوی بواری شانۆ؟

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە چەند قۆناغێکی باشمان لەو رووەوە بڕییەوە. ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو قوتابیی سەرکەوتوومان خوێندنی تەواو دەکردو، ئێستا لە ناوەندی هونەرو بەڕێوەبردنی پەروەردەیی و هونەری سەرکەوتوانە کار دەکەن. ناکرێت ناوی هەندێکیان بهێنم و ببمە جێی نارەزایی ئەوانیتر.

*** پێتوایە ئێستا ئەم جۆرە پەیوەندییە لە نێوان قوتابی و مامۆستای هونەرە جوانەکان بوونی مابێت؟**

- لە راستیدا لەبەر ئەوەی ئەوەندە پەیوەندیم بە پەیمانگاوە نییە، لەبەر ئەوە رەنگە وەڵامێکم بۆ ئەم پرسیارە پێ نەبێت. بەڵام وەك تێبینی دەکەم، زۆرینەی مامۆستاکان هەر دەرچووی پەیمانگان و دواتریش کۆلیجی ئەکادیمیایان تەواو کردووە، بۆیە دەکرێت ئاکامی ئەزمونی خۆیان ئەو پەیوەندییانە بەو شێوە دروستە لە نێوان مامۆستاو قوتابی بەردەوامی هەبێت. پاشان سرووشتی هونەری شانۆ دەستەییە، لەبەر ئەو خاڵەش دەبێ تێکەڵبوونێکی گونجاو و لەبار دروست ببێت.

*** قۆناغی پێشمەرگایەتیت چ کاریگەرییەکی لەسەر کارە هونەرییەکانت بووە؟**

- قۆناغی پێشمەرگایەتیم دەرگای ئازادی تەواوی بۆ رەخساندم، ئەوەی لە شاردا نەمدەتوانی بە ئاسانی و ئازادی لە رێی هونەرو نووسینەکانمەوە تەعبیریان لێ بکەم، بەدڵنیاییەوە لە رۆژانی پێشمەرگایەتیمدا زۆر بە ئاشکراو ئازادانە باسم دەکرد. هەروەها ئەوەی ئاستتەنگی بۆ دروست دەکردم.

*** بەرهەمی «شاڵاوی تاوانەوە»ت چۆن لەدایکبوو؟**

- بابەتی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفاڵی بەدناو و باری نەگونجاوی هونەرمەندێکی ئاوارە وایکرد، یەکەم شانۆییم کە بۆ هەڵەبجە نووسی بە ناوی (شاڵاوی تاوانەوە)بوو. هەر لە شاری شنۆش بۆ ماوەی چەند رۆژێك پێشکەشم کرد. پاشان لە ناو ئۆردوگای زێوەی تەرگەوەر و مەرگەوەڕ، لە ناو جەمەلیۆنانەکانی زێوەدا شانۆیی بانتۆماییمم بۆ ئاوارەکان پێشکەش کرد، خۆی لەخۆیدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دانیشتووانی میحنەتباری ئۆردوگاکە هەبوو.توانیم لەو ماوەیەدا پێنج تێکستی شانۆیی لەسەر هەڵەبجە بنووسم و سیانیانم بە چاپ گەیاندووە، لەم ساڵانەشدا سیانیانم لە بەرگی کتیبێکدا بە چاپ گەیاندەوە، بەبێ هیچ دەستکارییەك. دوو تێکستەکەی دیکەش سوپاسی کاك رێبوار یەڵدای بەڕێز دەکەم کە بۆی پاراستبووم و لەم یەك دوو ساڵەدا بەدەستی گەیاندمەوە، تەنیا ئەو نوسخەیەم مابوو.

### هونەرمەند شەڤگر هۆڤک:

# لە باشووری کوردستان هونەرمەندان رۆڵێکی بەرچاویان لە نێو پێشمەرگە هەبووە

**بە هونەرمەندی پێشمەرگە ناسراوە و توانا بەهرە هونەرییەکانی خۆی بۆ سروودو گۆرانی نیشتمانی و نەتەوەیی تەرخان کردووە، هونەرمەند شەڤگر هۆڤک لە رۆژئاوای کوردستانەوە گۆرانی بۆ گەورەیی بارزانی و سەربەخۆیی کوردستان و پێشمەرگە وتووە، لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە باس لە چەند وێستگەیەکی ژیانی خۆی دەکات.**

گوڵان/ هەولێر

*** تا چەند هونەرمەندانی ئێستا توانیویانە لەسەر رێچکەی هونەرمەندە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان بەردەوام بن؟**

- دوای شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان ژمارەی هونەرمەندە شۆڕشگێڕەکان کەم بوونەوە، تەنانەت رەنگ و جۆری هونەری و شیعریش گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بەجۆرێك هونەری سۆزداری زیاتر بوو، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە هونەرمەندان گرنگییان بە هونەری نەتەوەیی دا، ئەوانیش لە تیپ و گرووپە هونەرییەکان کاریان دەکرد، بۆ نموونە لە رۆژئاوای کوردستان تیپی نارین هەیە کە لە سەرەتای هەشتاکان دامەزراوە و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، من بەپرسی تیپەکەم تاساڵی ١٩٨٨، لەو تیپە چەند هونەرمەندێك هەبوون کە گۆرانی و سروودی نەتەوەییان دەگوت.

*** پێتوایە لە کام پارچەی کوردستان هونەرمەندان توانیویانە تێنوویەتی جەماوەر بشکێنن؟**

- هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لە باشووری کوردستان کە کاریگەرن بە بارزانی و پێشمەرگە و شۆڕش و ئەنفال، واقعی کوردستان بەسەریاندا زاڵە و چەندین هونەرمەندی گەورە دەرکەوتن کە رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە نێو پێشمەرگە، بەڵام لە رۆژئاوای کوردستان ئێمە دوچاری ئەنفال نەبووینەتەوە، بەڵکو رووبەڕووی رژێمێکی دیکتاتۆری و زیندان و راگواستن و تەعریب بووینەوە، بۆیە ناچاربوون گۆرانی بەسەر واقعی خۆیاندا بڵێن و ژمارەیەکی کەمیان لە هونەرەکەیاندا گۆرانییان بۆ بارزانی و قازی محەمەد و پێشمەرگە گوتووە.



*** بۆچی زۆربەی گۆرانییەکانت شۆڕشگێڕین؟**

- هیچ شتێك وەك خۆشەویستیی کوردستان و پێشمەرگە و بارزانی و ئاڵای کوردستان پیرۆز نین، لەو کاتەی کە تەمەنم ١٣ ساڵان بوو بە یارمەتی باوکم کە هەمیشە شیعرەکانی مەلای جزیری دەخوێندەوە، هانیدام کە گۆرانی بۆ شۆڕشی کوردی و بارزانی بڵێم، لەو کاتەوە من عاشقی بارزانی و پێشمەرگەم و هەر عەشقێکی لە منداڵییەوە بێت، سەرکەوتوو دەبێت.

*** بۆچی خۆت بە هونەرمەندی پێشمەرگە دەناسێنی؟**

- لە کاروانی ٤٥ ساڵەم لە نووسینی شیعر و گۆرانیوتن و لەژێر دەسەڵاتی رژێمی دیکتاتۆری سووریا، هەمیشە حەزم لە گۆرانیی شۆڕشگێڕی بوو، من هونەرمەندێکی یاخی بووم لە رژێمی سوریا و گۆرانیم بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان وتووە، پیرۆزیی پێشمەرگە وای لێکردم کە هەست بکەم من پێشمەرگەی رێبازی بارزانیم لە کاری هونەری و سیاسەتیشدا، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی وەزارەتی پێشمەرگە و عەمید هەڵگورد حیکمەت دەکەم کە مەدالیای پێشمەرگە و نازناوی هونەرمەندی پێشمەرگەیان پێ بەخشیم.

*** نهێنیی خۆشەویستیت بۆ بارزانی لە گۆرانییەکانتدا چییە؟**

- بارزانی گەورەی نەتەوەکەمان و رەمز و دامەزرێنەری رێبازی کوردایەتییە کە دروشمی سەربەخۆیی کوردستانە واتە (یان کوردستان یان نەمان)، من ئەو هونەرمەندەم کە بە سەدان گۆرانیم بۆ بارزانی وتووە، گەورەیی بارزانی لە ملیۆنان شیعر و گۆرانی و گشت چیاکانی کوردستان بەرزتر و گەورەترە، خۆشەویستیی بارزانی شەڤگری کردووە بە هونەرمەند و مرۆڤێکی نەتەوەیی، ئەگەر خۆشەویستیی بارەزانی نەبوایە من ئێستا کەسێکی جیاواز دەبووم.

*** بەهۆی بەرهەمە هونەرییەکانت تا چەند رووبەڕووی ئاستەنگ بوویت؟**

- لە دەزگای ئەمنی رژێمی سووری چەندین جار دەستگیر کرام و تووشی لێدان و سووکایەتی بووم، لەوانە ساڵی ١٩٨٧ بوو کاتێك لەبەردەم سەدان هەزار کەس گۆرانییەکەم بۆ شەهید ئیدریس بارزانی وت لە نەورۆزی کیشکێ، هەر لەوێ هەواڵگری سووری لەسەر تەختی شانۆ لێیاندام لەبەردەم ئەو هەموو کەسەو ساڵێك و دوو مانگ دەستگیر کرام و لە فەرمانبەرێتی دەرکرام لەلایەن رژێمی سووریاوە، بەڵام لە هەموویان ناخۆشتر ئاستەنگەکانی پەکەکە بوو لە ئەوروپا و سووریا و لێیاندام و ژیانی منیان کردە دۆزەخ، تەنیا لەبەر ئەوەی رەخنەم لە سیاسەتەکانیان گرت لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

*** چۆن وەسفی پێشمەرگە دەکەی کە ناونیشانی کارە هونەرییەکانی تۆیە؟**

- بە شێر و پاڵەوان، چونکە ناونیشان ئاسایش و ئارامی کوردستانە، ناوی پێشمەرگە پیرۆزترین ناوە، خودی سەرۆك بارزانی بە شانازییەوە دەڵێ من پێشمەرگەم، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پێشمەرگە بەرزترین پلەیە لای جەنابیان.

*** لە چاوپێکەوتنت لەگەڵ جەنابی سەرۆك هەستت بەچی کرد؟**

- هەستم بەوە کرد کە سەرۆك بارزانی باوکێکی میهرەبانە و بەپەرۆشە بۆ گشت شۆڕشگێڕەکان، سەرەڕای سەختی بارودۆخەکە، چاوم پڕ فرمێسك بوون کاتێك فەرمووی من چەندین ساڵە تۆ دەناسم، تۆ دڵسۆزێکی رێبازی بارزانیی نەمری و پابەندی بە هونەری شۆڕشگێڕییەوە، تۆ یەکێکی لە ئێمە، هەروەها پرسیاری ئەحواڵی من و خانەوادەکەمی کرد، ئەو فرمێسکانە لە ژیانمدا بە پیرۆزترین فرمێسك دەمێننەوە. تێبینی ئەوەم کرد کە جەنابی سەرۆك هیوایەکی مەزنی بە سەربەخۆیی کوردستان هەیە، بۆیە دەڵێم بارزانی گەورەی نەتەوەی کوردە و تا لە ژیاندا مابم خۆم بە قەرزداری جەنابیان دەزانم و بەڵێن دەدەم کە لەسەر رێبازی پیرۆزی بارزانی بەردەوام بم، تا دوایین رۆژی تەمەنم.

*** دوایین کاری هونەریت چییە؟**

- ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەلبوومێکی نوێم بە ناوی (ب تنێ تو سەروك و رێبەری مەی بارزانی) کە بە شێوەی کلیپیش بڵاوی دەکەمەوە.



# دزی وێنەکانی جنیفەر لۆرانس دەستگیر کرا

دادگایەکی ئەمریکی هاککەرێکی بە هەشت مانگ زیندانی سزا دا، دوای ئەوەی بە ناوی کۆمپانیای ئەپلەوە خۆی ناساندبوو و داوای ژمارەی نهێنیی لەو کەساسەتییانە کردبوو، دواتر توانی دزە بکاتە نێو زیاتر لە ٢٠٠ سەکۆی (iCloud)ی کۆمپانیای ئەپل کە تایبەت بوون بە چەند کەسایەتی و هونەرمەندی ناسراوی ئەمریکی، لەوانەش خانمە ئەکتەر جنیفەر لۆرانس.

ئەم هاککەرە کە بڕیار وایە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری داهاتوو بخرێتە زیندانەوە، توانیبووی بە دەیان وێنەی ئەم خانمە ئەکتەرە بدزێت و بڵاویان بکاتەوە کە بەشێکی زۆری ئەم وێنانە رووت بوون و دوای بڵاوبوونەوەیان کاریگەرییەکی نەرێنی زۆری هەبوو لەسەر کەسایەتی لۆرانس و بەو هۆیەوەی چەندین نهێنی شاراوەی لۆرانس ئاشکرا بوون.

بەپێی هەواڵەکانی ماڵپەڕێکی هونەری جیهانی ئەم هاککەرە ناوی (جۆرج گارفانۆ) یە تۆمەتبار بە هاککردنی ئەکاوەنتی و مۆبایلی تایبەتی ئەستێرەکانی هۆلیۆد لە ساڵی ٢٠١٤، کە توانی ئەکاوەنتی ٢٤٠ کەس هاك بکات، دواتریش لە رێگای ئیمێلەوە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لێدەکردن و یەکێکە لە چوار هاککەرانەی کە سێیان دەستگیرکراون بە سزای جۆراوجۆر سزا دراون لە نێوان ٩ تا ١٨ مانگ و چاوەڕێ دەکرێ گارفانۆ ٨ مانگ زیندانی بکرێت، دوای تۆمەتبارکردنی بە دزین و بڵاوکردنەوەی زانیاریی تایبەت.

لە کاتی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی، جنێفەر لۆرانس رایگەیاند: ئەمە تاوان و پێشێلکارییەکی سێکسیی قێزەونە، پێویستە یاساکان بگۆڕێن بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی لە رووی سێکسییەوە ئیستغلال دەکرێن و سزایەکی توندی ئەو کەسانەش بدرێت کە ئەم تاوانانە ئەنجام دەدەن.

شایەنی وتنە هەر یەکە لە کیم کارداشیان، ریهانا، کیت ئەبتۆن، کێرستن دانست، ڤانیسیا هۆدجنز و هایدن پاتیتییر پێشتر دوچاری هەمان کێشە بوونەتەوە و وێنەکانیان دوای دزینیان بڵاوکراونەتەوە.

## سونام کاپور: دۆزینەوەی کەسی گونجاو کارێکی ئاسان نییە





دوای ئەوەی ژیانی هاوسەریی لەگەڵ بیزنسمانێکی ناسراوی هیندستان پێکهێنا، ئێستا خانمە ئەکتەری ناسراوی هیندستان سۆنام کاپوور بۆتە باسی دەزگاکانی راگەیاندنی هیندستان و بە هەموو شێوەیەك باس لەو هاوسەرگیرییە دەکەن، رەنگە ئەمەش بۆ لێدوانەکانی پێشووی بگەڕێتەوە سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری.

لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەنووساندا دەربارەی گرنگی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری، سۆنام دەڵێ: بێگومان هاوسەرگیری یەکێکە لە گرنگترین پرۆسەکانی ژیانی مرۆڤ لە هەر پۆست و پلەیەکدا بێت، بەڵام لەو پرۆسەیە گرنگتر دۆزینەوەی کەسێکی گونجاوە کە بتوانێت لە کاروانی ژیانی لەگەڵ تۆدا بەردەوام و سەرکەوتوو بێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە،چونکە هەموو کەسێك شایەنی ئەوە نییە ئافرەت وەکو هاوسەر هەڵیبژێرێت.

ئەم لێدوانەی سۆنام سەرنجی زۆر کەسی راکێشا، چونکە دوای ماوەیەکی کورت بوو لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی و کاریگەرییەکی ئەرێنیی دەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندیی خۆشەویستی نێوان خۆی و هاوسەرەکەی.

شایەنی باسە بەر لە ماوەیەك سۆنام و بیزنسمانی ناسراوی هیندی ئەناند ئەهۆجا ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا و ئاهەنگێکی گەورەیان لە مۆمبای بەم بۆنەیە ساز کرد و تێیدا سۆنام لە جیاتی جلی بوکێنیی سپی، جلوبەرگی کەلتووری هیندی (ساری)ی پۆشی. لەو ئاهەنگەدا ژمارەیەکی زۆری ئەستێرەکانی بۆلیۆد ئامادە بوون وەك :ئەمیتاب باتشان، ئیشواریا رای،ئەبهیشك باتشان، شارۆخان، سەلمان خان،جوری خان، کارینا کاپوور،سەیف عەلی خان،کاترین کیف، کاریشما کاپوور، جوهی تشاولا، کاران جەوهەر، عەلیا بهات،ئەرجون کاپوور، مادهۆری دیکشت، شاهید کاپوور و ژمارەیەکی دیکەی ئەستێرەکانی بۆلیۆد.



# هەوادارانی ئەساڵە گاڵتەی پێدەکەن

خانمە گۆرانیبێژی سووری ئەساڵە نەسری یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە جەماوەرەکەی رێزێکی زۆری لێدەگرن و بە خاوەن کەسایەتییەکی بەرزی دادەنێن کە توانیویەتی جگە لە سەرکەوتنی لە بواری هونەریدا، کەسایەتییەکیش بۆ خۆی دروست بکات لە نێو جەماوەر و بیپارێزێت، بەڵام پێدەچێت ئەسالەش دەیەوێ یەکێك بێت لە رێچکە شکێنەکان.

ئەساله بەم دواییە لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری بە یاوەری تارق عرەیان هاوسەری ئامادە بوون، بەڵام جلوبەرگەکانی مایەی نیگەرانی و گاڵتەجاڕیی جەماوەرەکەی بوون و بە منداڵانە وەسفیان کرد، چونکە کراسێکی رەشی کورت و گۆرەوییەکی رەشی کورتی پۆشی بوو و زنجیرێکی لە شێوەی خەنجەر و جانتایەکی سووری هەڵگرتبوو، ئەمە جگە لە ماکیاژێکی زۆر کە تا رادەیەکی بۆ جەماوەرەکەی شتێکی نوێ و نامۆ بوو.

ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر و هەواداری ئەساڵە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هێرشێکی توندیان کردە سەری و ئەم دەرکەوتنەی ئەساڵەیان بە شتێکی نامۆ و دوور لە کەسایەتی بەرز و رەفتارەکانی وەسف کرد و بێزاری و تووڕەیی خۆیان بەم بۆنەیە دەربڕی، بەڵام ئەساله هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو بەرامبەر بە جەماوەرەکەی، بەڵام رایگەیاند هونەرمەندیش مرۆڤە و ئازادە چۆن دەردەکەوێت و چی بپۆشێت..

ئەو هونەرمەندە هەمیشە رێز و خۆشەویستیی بۆ جەماوەرەکەی هەیە، چونکە دڵنیایە لەوەی هەر رەخنە و پێشنیار و سەرنجێك کە جەماوەرەکەی بیخەنەڕوو لە بەرژەوەندی خۆیدایە و سوپاسی جەماوەرەکەی کرد بۆ ئەو تێبینییانەیان، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی لە هۆکاری دەرکەوتنی بەم شێوەیە نەکرد.





## نیللی مەقدسی:

# هونەری کوردی هونەرێکی بەرزە و زۆر لە هونەرمەندە عەرەبەکان سوودیان لێی وەرگرتوو

نیللی مەقدسی، ماوەیەکی زۆرە لە بواری هونەردا بە بەردەوام کار دەکات، ئەگەرچی ماوەیەکی کورت لەبەر چەند هۆکاری تایبەت دوورکەوتەوە، بەڵام کاتێك گەڕایەوە بە توانایەکی زیاترەوە هاتەوە نێو مەیدانی هونەر، وەك خۆی لەم دیمانەیەی گوڵان ئاماژەی پێدەکات، ئەگەر دەرفەت هەبێت و رۆڵێکی گونجاوی پێشکەش بکرێت، ئەوا ئامادەیە روو لە نواندن بکات، هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو کە زانیاری دەربارەی هونەری کوردی هەیە، هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ژەنیارانی عەرەب زۆر سوودیان لە میوزیکی کوردی وەرگرتووە.

دیمانە/ خەلیل بلەیی

*** چۆن وەسفی هونەری دەكەی؟**

- هونەر تاكە ڕێگایە كە وامان لێدەكات ڕووبەڕووی گرفتەكانی ژیان بینەوە لە هەر ئاستێك، ئاستی خێزان یان نیشتمان، موزیك خۆشترین هەست بە مرۆڤ دەبەخشێت، تەنانەت كاتێك بە بارودۆخێكی سەخت و دژواریشدا تێپەڕێت ئەو تاكە دەرچەیە بۆ ڕزگاربوون لەو گرفتانە.

*** پێتوایە لەئێستادا تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵیان لە پێشخستنی هونەردا هەیە؟**

- لە ماوەی ڕابردوودا سەركەوتن لە ڕێگای هۆكاری دیكەوە بووە وەك تیڤی، ڤیدیۆ و ئاهەنگەكان كە ئێستا تا ڕاددەیەكی شێوازیان گۆڕاوە، بەڵام لە ئێستادا سۆشیال میدیا ڕۆڵی هەیە كە پێموایە وەك هەر دیكە شتێك لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی خۆی هەیە، لەوانە بەخێراییەكی زیاتر دەگاتە زۆرترین ڕێژەی خەڵك، لە هەمان كاتدا پێویستە تایبەتمەندیی خۆی هەبێت و لە هەموو شوێنێك نەبێت، بەڵام پێموایە بە تێپەڕبوونی كات باشتر بێت.

*** گرنگترین ئەو ئاستەنگانە چین كە ڕووبەڕووت بوونەتەوە؟**

- ئاسان نییە كە هونەرمەند بتوانێت پابەند بێت بە ڕەنگێكی گۆرانی و بیپارێزێت و بەردەوام بێت لە سەركەوتن، گشت ئافرەتە هونەرمەندەكان لە سەرەتای كاروانی هونەرییانەوە ڕووبەڕووی ئەم گرفتە دەبنەوە، بەڵام ئەگەر هونەرمەند بە ئیرادەوە كار بكات بۆ گەیشتن بە ئاواتەكانی ئەم ئاستەنگانە دەپووكێنەوە.

*** چۆن وەسفی ركابەرێتیی نێوان هونەرمەندان دەكەی؟**

- بەشێك لەو ركابەرێتییە دەتوانین بڵێین ئاساییە، هەندێكیشیان جۆرێك ئیرەیی پێ بردنی تێدایە، سەبارەت بە خۆم دەڵێم: بوونی ركابەرێتیی كارێكی تەندروستەو پێویستە ئەم (ركابەرێتییە شەریفە) هەبێت، چونكە وات لێدەكات خۆت زیاتر ماندوو بكەی و كاری باشتر پێشكەش بكەی كە سەركەوتووتر بن لە كاری پێشوومان.

*** هیچ هونەرمەندێك بەشێوەی نائاسایی ركابەریتی كردووە؟**

- وەك گوتم، جۆرێك لە ئیرەیی پێ بردن هەیە، زۆر جار ئەمەم لە چاوی هەندێك كەس هەست پێكردووە بەرامبەر بەخۆم، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی پەیوەندیم لەگەڵ هونەرمەندان باشە و خۆشەویستی لە نێوانماندا هەیە.

*** ئایا هیچ گۆڕانكارییەك لە ستایلی هونەریتدا ڕووی داوە، بەتایبەتی دوای ئەو ماوەیەی كە لە هونەر دوور كەوتبوویەوە؟**

- نەخێر، هیچ گۆڕانكارییەكی ریشەیی ڕووی نەداوە، هەر گۆڕانكارییەك ڕوویدا بێت لەبەر ئەوە بووە كە موزیك و دابەشكردنی و تەنانەت شێوەی گوێگرتنی خەڵك لە موزیك و گۆرانییەكان گۆڕاوە، بۆیە هونەرمەندیش پێویستە خۆی لەگەڵ ئەم سەردەمە و گۆڕانكارییانەدا بگونجێنێت و ستایلەكەی لەگەڵ ئەو موزیكەدا بگونجێت كە ئەو ماوەیە بوونی هەیە، بەڵام ئەو ستایلەی كە هونەرمەند پێی ناسراوە هەر وەكو خۆی دەمینێتەوە، من خۆم جگە لە لوبنانی بە ستایلی میسریش گۆرانیم وتووە ئاساییە بە شێوازەكانی دیكەش گۆرانی بڵێم ئەگەر لەگەڵ دەنگی من گونجاو بێت.

*** هیچ ئەزموونی نواندنت هەبووە لە ژیانتدا؟ ئایا بیری لێدەكەیتەوە؟**

- نەخێر، لە نواندن كارم نەكردووە، ئەگەر ڕۆڵێك هەبێت كەسایەتی خۆمی تێدا بدۆزمەوە، یان ئیزافەیەكی هونەری بێت بۆ من، ڕەنگە ئەمە تاقی بكەمەوە، بەڵام هەموو توانای خۆم بۆ گۆرانی تەرخان كردووە.

*** ئایا گۆرانی (مفیش رجالە) پەیامێكی ئاشكرای هەبوو بۆ بەرگریكردن لە ئافرەتان یان گۆرانییەكی ئاسایی بوو؟**

- بێگومان ناونیشانی هەموو گۆرانییەكان پەیامێكی دیاریكراویان هەیە و (مفیش رجالە)ش یەكێكە لەو گۆرانییانە كە پەیامەكەی بریتییە لە بەرگریكردن لە ئافرەت، لە ماوەی ڕابردوودا هەستم كرد كە توندوتیژی زیاتر بووە بەرامبەر بە ئافرەتان و پەیامێكە بۆ ئەو پیاوانەی كە پیاوەتی خۆیان ناپارێزن و بەشێوەیەكی هەڵە دژی ئافرەت بەكاری دەهێنن، بۆیە پێویستە ئافرەتان پەیامی خۆیان بگەینن، ئەگەر تەنانەت بە شێوەی ئیقاعیش بێت كە زووتر دەگات.

*** هیچ زانیارییەكت لەبارەی هونەری كوردی هەیە؟**

- بێگومان زانیاریی زۆرم لەبارەی هونەری كوردییەوە هەیە، بەشی ڕۆژهەڵاتیی هونەری عەرەبی زۆربەی لە هونەری كوردییەوە وەرگیراوە، چونكە هونەرێكی ڕەسەنە و میلۆدی جوان و سەرنجڕاكێشی هەیە و زۆر لە هونەرمەندە عەرەبەكان سوودیان لێی وەرگرتووە.

*** ئەگەر میلۆدی و تێكستێكی كوردی هەبێت، گۆرانی بەزمانی كوردی دەڵێیت؟**

- بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو داواكارییە دەكەم، لە ماڵەوەش كار لەسەر فێربوون و پرۆڤەكردن لەسەر گۆرانی كوردی دەكەم، بەڵام ئەگەر گۆرانی بە زمانی كوردی بڵێم، دەبێت گۆرانییەكی باش بێت و زۆر كاری لەسەر بكەم، بۆ ئەوەی كارێكی باش و شایستە پێشكەش بە هەوادارانم لە كوردستان بكەم.

*** ئەو دەرهێنەرانە كێن كە هیواخوازی كاریان لەگەڵدا بكەی؟**

- من هیوا ناخوازم لەگەڵ كەس كار بكەم، هەموو ئەو دەرهێنانەی كاری جوان و باشم لەگەڵ كردوون، حەزدەكەم هەر لەگەڵ ئەوان كار بكەمەوە، واتە ئەو كارانەی سەركەوتنیان بەدەست هێناوە و ئەوان لە پێشترن لەگەڵ خەڵكانی دیكە، هەروەها حەزدەكەم كار لەگەڵ ئەوانەش بكەم كە پێشتر ئەزموونم لەگەڵیان نەبووە، بۆ ئەوەی خۆم بە شێوەیەكی جیاواز ببینم، لەگەڵ زۆریان كارم كردووە، ڕەنگە هەندێك ناوی سەركەوتوو هەبێت كە تا ئێستا دەرفەت نەبووە كاریان لەگەڵدا بكەم، بەڵام دوور نییە لە داهاتوودا پێكەوە كار بكەین.

**ئەگەر ڕۆڵێك هەبێت كەسایەتی خۆمی تێدا بدۆزمەوە، یان ئیزافەیەكی هونەری بێت بۆ من ڕەنگە بواری نواندنیش تاقی بكەمەوە**

**پێویستە ئافرەتان پەیامی خۆیان بگەینن ئەگەر تەنانەت بەشێوەی ئیقاعیش بێت كە زووتر دەگات**

**گشت ئافرەتە هونەرمەندەكان لە سەرەتای كاروانی هونەرییان تووشی گرفت دەبنەوە، بەڵام ئەگەر هونەرمەند بە ئیرادەوە كار بكات بۆ گەیشتن بە ئاواتەكانی ئەم ئاستەنگانە دەپووكێنەوە**